بـە پێچـەوانـەوە

خـەونت دەدی ..

حـەوشـەی ماڵـەکـەتـان .. باخچـەیـەکـی پڕ لـە گوڵا بـێ

کـەچـی درك لـە سـەر دیوار و سـەربـان و ..

هـەردوو بـرۆکـانـیشـت ڕوان

هـەزارەها شـەو .. تـا بـەرەبـەیـان

خـەونت بـە روخساری خواوە دەدی

کـەچـی کـە لـە خـەو هـەڵدەسـتـای .. جـێ ماچـی شـەیـتـان

بـەسـەر نـێوچـەوانـتـەوە پـەڵـەیـەکـی رەشـی دەنـوان

خـەونت بـە بـارانـەوە دی ..

فرمێسك باری

حـەزت دەکرد ئـاسمان پڕبـێ ..

لـە ئـەستێرەی چاو زەرد و مـەلـی رەنگین

کـەچـی بـێجگـە لـە تـەم و دووکـەڵا

هیچـی دیکـەت نـەدی ..!

خـەونت دەدی .. دڵدارەکـان بـە مـاچ یـەکدی بشۆن

کـەچـی بینیت .. گلێنـەی یـەکدی دەخۆن

واز لـە خـەونـەکـانت بـێنـە .. لـە زووییـێکـەوە .. ئـۆهـۆو .. سـەردەمـێکـە

ئـینجـانـەی سـەر بـالکۆنـەکـان ..

چیمەن و باخچەی ماڵە دەوڵەمەندەکان

لەبری گوڵی جوان

بزمار و چەقۆ دەگرن

شاعیرەکان ..

لەبری قەڵەمێکی غەمگین و کاغەزی سپی

شمشێر هەڵدەگرن ..!

سلێمانی ڕەشەمێ/ 1987